**بەڕێز جەلال تاڵەبانی**
**سەرۆك کۆماری عێراق**

**بەڕێز مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز کەمال کەرکوکی**
**سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

2009/10/5

**بەڕێزان،**

**ئاماژە بە رووداوەکانی ئەم دووایيە، دەمانەوێ دڵتەنگی خۆمان دەربڕین بەهۆی ئەو ئازار و ناخۆشیانەی کە دووچاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سروشتیەکان بۆوە، ئەویش لە ئاکامی ناکۆکیە نێوخۆکانی نێوان DNO و بۆرسەی ئۆسلۆ. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز بەشێك نیە و نەبووە لە لێکۆلینەوەکانی بۆرسەی ئۆسلۆ لە سەر ئەم بابەتە.**

**ئەمەش لەو ماوەیەی دوایی لە لایەن خودی بۆرسەی ئۆسلۆوە پشتڕاست کرایەوە لە لێدوانی رەسمیان لە رۆژی 2009/9/28 کە تیایدا بۆڕسەی ئۆسلۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دا نیە و حکومەتی هەرێم هەرگیز رووبەرووی لێکۆڵینەوە نەبۆتەوە لەلایەن بۆرسەکەوە.**

**لەو زانیارییانەی کە ئەمڕۆ زانیومانە، ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان پشکەکانی DNO ی لە خودی کۆمپانیای DNO کڕیوەتەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی یاسایی و بە رەسمی ئەنجامدراوە بە بەکارهێنانی راستەخۆی پارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. فرۆشتنی ئەو پشکانەش لەلایەن ئەنجومەنی کارگێڕی DNO ئینتەرناشنالەوە پەسند کراوە. ئەو راستیەی کە ئەم فرۆشتنە لە ڕێگای حیسابێکی تایبەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن بانکی HSBC لە ژێر ناوێکی نادیار ئەنجامدراوە، پەیڕەوێکی زۆر ستانداردە کە حکومەت و رێکخراو و کۆمپانیاکان پیادەی دەکەن بۆ پارێزگاری کردن لە تایبەتمەندی خۆیان.**

کڕینی ئەو پشکانەش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە مەبەستی ئاسانکردنی دابین کردنی پارە بوو بۆ کۆمپانیای DNO بۆ تەواو کردنی بەرنامەی کاری بەرچاوی خۆی لە پارێزگای دهۆك و هەروەها بۆ یارمەتی دانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئامانجی سەرەکی خۆی بەجێ بهێنێت کە نیشاندانی توانای خۆیەتی بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە.

ئەگەر ئەم یارمەتیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوایە لەو بارودۆخە زۆر زەحمەتە داراییەی بازاڕی ئەو کاتە، ئەوا ئێمە هەرگیز نەمان دەتوانی ئەو ئامانجە گرنگە بەدی بهێنین لە دەست پێ کردنی ناردنە دەرەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستانە بۆ دەرەوە کە لە رۆژی 2009/6/1 بە سەرکەوتوویی بە دی هات. ئەمە یەکێك بوو لە رووداوە هەرە گرنگەکان لە مێژووی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە ئێوە خۆتان بە چاوی خۆتان بینیتان و ووتاری خۆشتان لەو بۆنەیە خوێندەوە. ئێمە شانازی دەکەین بەوەی کە بەشێك بین لەو دەستکەوتە لە ژێر سیاسەتی نمونەیی ئێوەوە بۆ دامەزراندنی پیشەسازیەکی نەوتی مۆدێرن و کاریگەر و و شەفاف لە هەرێمەکەتان.

دەمانەوێ دووبارە دڵنیاتان بکەینەوە کە هیچ شتێکی نا بەجێ نەکراوە لەو ئاڵوگۆڕەی پشکەکان. بە ڕوونی پیشاندراوە کە حیسابەکە بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و بە ناوی هیچ تاکە کەسێکی ترنیە. لەبەر ئەوە هەندێك زانیاری و لێکدانەوەی هەڵە دەبینین کە لە راگەیاندن دەردەچێت کە هەندێك لە میدیاکان چیرۆکی تیا دەهۆننەوە بە مەبەستی زیان گەیاندن بە ناوبانگ و دەست پاکی د. ئاشتی هەورامی و لەو رێگەیەشەوە بۆ تێکدانی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

جارێکی تر، ئێمە زۆر ناڕەحەتین بەو راستیەی کەوا ناکۆکیەکانی ئێمە لەگەڵ بۆڕسەی ئۆسلۆ بە خراپی بەکارهێنران بۆ دروست کردنی هەندێ ئاماژەی ناڕەواو تێکدەرانە بە مەبەستی زیان گەیاندن بە سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەوە، لەلایەن خۆمانەوە ئێمە هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی کە لە پشت ئەو هەڵسوکەوتە بە ئەنقەست و ناڕەوایانە بوون لە وڵاتی ئێمەدا.

بەناوی ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمپانیای DNO ئینتەرناشناڵ ئەی ئێس ئەی

دڵسۆزتان
بێرگ گرێدت لارسن
سەرۆکی ئەنجومەن